www.hetaw.net
ژمارە (٨٦١) چوارشەممە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٠ی زایینی
ئاڵای ئازادی
هەموو چوارشەممەیەک

"پێویستە هەموو کەسێک بزانێت کە دەوڵەتی تورک بەرپرسیاری یەکەمە لەگیانلەدەستدانی گەریلاو سەربازەکاندا، ئەو دەوڵەتەی کە لەبری چارەسەری پێداگیری لەسەر بەردەوامبوونی شەڕ دەکاتو قەوارە پارێزی، داگیرکاریی‌و لەناوبردنی کوردانی کردووە بەئامانجەکانی خۆی"

# شاندە کوردییەکە تائێستا لەبەغدا چییان کردووە؟

## لیستەکەی مالیکی: باشترە ببینە ئۆپۆزسیۆن نەک مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکەین

ئا: سەرباز سیامەند

لە٧ی ئاداری ٢٠١٠دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)ی عێراقی ئەنجامدرا، بەڵام تائێستا حکومەتی نوێی عێراق پێکنەهێنراوە.

پەیوەندار بەم بابەتە، زانا ڕۆستایی ئەندامی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان وتی "دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق درەنگ دەکەوێت".

ڕۆژی ١ی ئایاری ئەمساڵ، دادگا ژمارەی دەنگی لیستەکانی هەڵبژاردنی بەفەرمی پەسەندکرد، لەبەرواری ١٤ی ئایاریش بەئامادەبوونی پەرلەمانتارانی نوێی عێراق‌و میوانانێکی زۆر، پەرلەمان یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی بەستو تێیدا پەرلەمانتاران سوێندی یاسایان خوارد، بەڵام بەهۆی کێشەی فراکسیۆنەکان لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیرانی نوێ تائێستا هیچ کەس بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵنەبژێردراوە. ئەمەش لەگەڵ دەقە یاساییەکان نایەتەوەو ئەوەی کە کراش جۆرێک لەفێڵێکی سیاسی بوو تایاسایی کە پەرلەمانتاران سوێندی یاساییان خواردو کەسیش بۆ سەرۆکی پەرلەمان هەڵنەبژێردراوە.

ئەو ئەندامەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کە لەگەڵ ئەندامانی تری ئیئتیلافە کوردییەکە لەگەڵ لایەنەکانی تری عێراق زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان کردووە، دەڵێت "دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق درەنگ دەکەوێت، چاوەڕێ ناکرێت وەها زوو حکومەت پێکبێت".

### مالیکی زۆر سوودمەندە

زانا ڕۆستایی ئاماژە بەوەدەکات، کە ئیئتیلافەکەی ئەوان پێکهاتووە لەهەر چوار لیستە کوردییەکە (لیستی هاوپەیمانی کوردستان، گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی‌و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان).

ڕۆستایی دەڵێت "بەئامانجی ئەوەی بتوانین لەگەڵ لیستە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان بگەینە ئەنجامێک بۆ وتووێژ لەسەر پرسە سیاسییەکان، چووینە بەغداو لەبەغداش زۆر کۆبوونەمان لەگەڵ لایەنەکان کردووەو کۆبوونەوەکانیش بەردەوامیان دەبێت".

بەوتەی ڕۆستایی، دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق کارێکی نایاساییە، "تائێستاش کە قسەی جدی لەسەر پێکهێنانی حکومەت نەکراوەو حکومەت پێکنەهاتووە، نووری مالیکی تاکە لایەنە زۆرترین سوودمەندی درەنگ پێکهاتنی حکومەتی نوێی عێراقە!".

### پێکهاتنی حکومەت

### زۆر دوادەکەوێت

شاندی دانووستانکاری فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ لیستی عێراقییە (لایەنی سوونی) دوو کۆبوونەوە، لەگەڵ هاوپەیمانییەتەکەی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانی (هەردوو لایەنە شیعەکە) یەک کۆبوونەوە، لەگەڵ سەرۆکی ڕەوتی چاکسازیی ئیبراهیم جەعفەری یەک کۆبوونەوە کە بەپێی بەیاننامەیەکی جەعفەری "هەردوولا جەختیانکردووەتەسەر پابەندبوون بەدەستوورو پاراستنی سەروەریی‌و ئاسایشی عێراق‌و بەرەو پێشبردنی پرۆسەی سیاسیی‌و سووربوون لەسەرسەرخستنی ئەزموونی نیشتمانی بەبەشداریی هەموولایەک"، لەگەڵ لیستەکەی جەواد بۆلانی یەک کۆبوونەوەی ئەنجامدراوە.

لەوەڵامی ئەوە ئایا ئەگەری ئەوە هەیە حکومەتی نوێی عێراق بەمزووانە پێکبهێنرێت؟ زانا ڕۆستایی بەمشێوەیە دوا "پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق مومکین نییەو دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراقیش درەنگتر دەکەوێت، چونکە هێشتا لیستە سەرەکییەکانی براوەی هەڵبژاردن لەسەر پۆستەکان ڕێکنەکەوتوون".

ڕۆستایی وتیشی "لە٢٠٠٥دا حکومەتی عێراق دوای ٤٢ ڕۆژ پێکهات، بەپێی یاساش بەمەراسیمی پەرلەمان‌و سەرۆک وەزیران‌و ڕاسپاردنی بۆ پێکهێنانی حکومەت بەهەمووی نزیکەی دوومانگو نیوی دەوێت".

### مادەی ١٤٠

### پێشینەی گفتوگۆکان

زانا ڕۆستایی ئاماژە بەوەشدەکات، لەکۆبوونەوەکانیاندا لەگەڵ لیستی عێراقییەی ئەیاد عەلاوی، گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە هەر کێشەیەک بێتە پێش پێویستە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراقی چارەسەربکرێت، "مادەی ١٤٠یش خاڵێکی نێو ئەو دەستوورەی عێراقەو لەو چوارچێوەیەدایە".

### لیستی عێراقییە

### دەنگ بەشیعەکان نادات

لەدیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی عێراقییە وتەبێژی ئیئتیلافی عێراقییە مەیسون دەمەلوجی وتی "ئیئتیلافەکەی دەنگ بەحکومەتێک نادات کە لەلایەن هاوپەیمانیی نیشتیمانی (دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتیمانیی عێراقی)یەوە پێکبهێنرێت، چونکە بەڕەسمی تۆمارنەکراوەو دادگای فیدراڵی ڕەتیکردووەتەوە".

دەمەلوجی ئاماژەی بەوەشدا کە لیستی عێراقییە دوو پاڵێوراوی بەدیلی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران هەیە، ئەگەر ڤیتۆ لەسەر ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستەکە هەبێت.

### هەڵوێستی دەوڵەتی یاسا

لەکاتێکدا لەبەرنامەی هەموو لیستە کوردستانییەکان لەبەرنامەی کاریان کارکردن بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ هەیەو لەگەڵ لیستی شیعەکانیش کۆبوونەتەوە، بەڵام ئەندامێکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا سادق لەبیان بەئاژانسی (ئەسوات ئەلعێراق)ی ڕاگەیاند "ئەندامانی دەوڵەتی یاسا ئەوەیان پێباشترە وەک ئۆپۆزسیۆن لەئەنجومەنی نوێنەراندا دابنیشن نەک بۆ ڕازیکردنی هاوپەیمانیی کوردستان‌و لەپێناو وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیراندا جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی ماوە بەسەرچوو قبوڵبکەن".

هەروەک ئەندامێکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ئەوەی ڕەتکردەوە، کە ئیئتیلافەکەیان لەمیانی دانووستانیاندا لەگەڵ شاندی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا، بەڵێننامەی نوسراویان بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ خستبێتە بەردەم شاندە کوردییەکە.

حەسەن سنێد ڕایگەیاند، ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی لەمیانی دانووستانەکانیدا لەگەڵ لایەنی کوردییدا، هیچ بەڵێننامەیەکی نووسراوی نەخستووەتە بەردەم شاندە کوردییەکە، بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠).

پێشتر سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویانکردبووەوە، ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بەنووسراو بەڵێنی بەشاندە کوردییەکە، بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) داوە.

پێشتریش دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی ڕاگەیاندبوو، کە هیچ ڕێکەوتنێکی زارەکی لەگەڵ هیچ لیستێکی عێراق ناکرێت، تەنها بەنووسراو نەبێت، ئەوە وەک گرەنتی بۆ بەشداریکردن کورد لەپێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق.

### بەکورتی

لەدوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی حەوتی ئازار، مشتومڕو ناکۆکییەکی زۆر لەنێوان لایەن جیاوازەکاندا سەریهەڵداوە سەبارەت بەو لیستەی مافی پێکهێنانی حکومەتی دەبێت، لەکاتێکدا لیستی عێراقییە بەسەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی (٩١کورسی)، کاندیدکردنی سەرۆک وەزیران‌و پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو بەمافی دەستوریی خۆی دەزانێت، ئیئتیلافی دەوڵەتی یاساش بەسەرۆکایەتیی نوری مالیکی (٨٩کورسی) کە لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتیمانی (٧٠کورسی) هاوپەیمانێتییەکی نوێی پێکهێناوە بەناوی هاوپەیمانیی نیشتیمانی، پێیوایە پێکهێنانی حکومەت مافی ئەو ئیئتیلافە نوێیەیە وەک گەورەترین فراکسیۆنی نێو پەرلەمان.



ڕۆستایی: پێکهێنانی حکومەت مومکین نییەو دامەزراندنی حکومەتیش درەنگتر دەکەوێت

# کەجەکە: بانگەواز بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست گونجاونییە

## ئاکەپە ڕێبازەکانی شەڕی سەردەمی تانسۆ چیلەر پەیڕەودەکات

ئا: ئاڵای ئازادی

سەرۆکایەتی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکە ڕایگەیاند، کۆبوونەوە یەک لەدوای یەکانی دەوڵەت بەمەبەستی لەناوبردنی تەڤگەری ئازادی بەڕێوەدەچن.

کەجەکە وەک نمونەی ئەو سیاسەتەش، سووتاندنی گوندەکان، کوشتنی کەسانی مەدەنی بەبیردێنیتەوەو ڕایدەگەیەنێت، ئاکەپە ڕێبازەکانی شەڕی چەپەڵی سەردەمی دەسەڵاتداری تانسۆ چیلەری خستووەتەوە ڕۆژڤەوە.

کەجەکە بانگەوازی لەبەکرێگیراوانی کورد کرد کە فریوی سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورک نەخۆن‌و لەبەرامبەر سیاسەتەکانی ئاکەپە وشیاربن.

سەرۆکایەتی کۆنسەی بەڕێوەبەری کەجەکە لەچەند خاڵێکدا باس لەکۆبوونەوە یەک لەدوای یەکەکانی سەرانی دەوڵەتی تورک دەکات، "ئەو تاوانانەی کە لەقۆناغی گوایە سیاسەتی کرانەوەی ئاکەپەدا دژ بەگەلەکەمان ئەنجامدراون، لەبەرچاون‌و ئاشکران، لەو قۆناغەدا دەمامکی سەر ڕووی ئەردۆغان‌و ئاکەپە داماڵدران، هەربۆیە سەرانی دەوڵەتی تورک، بەمەبەستی لەناوبردنی بزووتنەوەکەمان، تێکشکاندنی بەرخۆدان‌و ئیرادەی گەلەکەمان، لەهەفتەی ڕابردوودا زنجیرە کۆبوونەوەیەکیان بەست، لەو کۆبوونەوانەشدا بڕیاری درێژەدان بەشەڕی سەرتاسەری دراوە".

کەجەکە ئاماژە بەوەشدەکات، "بەکەوتنی دەمامکەکانی سەرڕووی ئەردۆغان‌و پوچەڵبوونەوەوەی پیلانەکانیان، پەردە لەسەر ڕاستییەکان هەڵدرایەوە، هەربۆیە پەنایان بردەوە بەر ڕێبازە چەپەڵەکانی شەڕی تایبەت کە لە سەردەمی تانسۆ چیلەردا پێکهاتن، لەدوا کۆبوونەوەی دەستەی ئاسایشی نەتەوەییشدا ئەوە بەباشی ڕوونبوویەوە".

کەجەکە ڕووداوەکانی ئەمدواییەی حەسکێف کە سووتاندنی دوو گوندی لێکەتبوەوەو هەروەها کوشتنی کەسانی سڤیل‌و ئەو بەکرێگیراوانەی کە نایانەوێ بەشداری لەئۆپەراسیۆنەکاندا بکەن، وەک نمونەی شەڕی چەپەڵی دەوڵەتی تورک لەدژی کوردان دێنێتەوە.

کەجەکە بەبیریهێنایەوە کە بزووتنەوەی ئازادی گەلی کورد ماوەی ١٨ساڵە یەکلایەنە درێژە بەهەوڵەکانی دەدات لەپێناو بەرقەرارکردنی ئاشتی، "بەڵام دەوڵەتی تورک وەڵامی ئەو هەوڵانەی نەدایەوەو پێداگیریکرد لەسەر سیاسەتی لەناوبردن". کەجەکە وشیاری ئەوەیدا کە لەدۆخێکی وادا، ڕەنگە شەڕێک بێتە ئاراوە کە بەهیچ لایەک کۆنترۆڵ نەکرێتو تورکیا بەرەو گێژاوێک بەرێت. وێڕای هەموو هەوڵە ئەرێنییەکانی ئێمە، بەو باوەڕە گەیشتین کە ئاگربەستی یەکلایەنە، بێواتا کراوە.

هەربۆیە ئێمە لە١ی حوزەیرانەوە بڕیاری پاراستنی ئاکتیڤماندا. پاراستنی ئاکتیڤ، بەواتای پاراستنێکی کۆنترۆڵکراو دێت.

بەڕێوەبەرایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان دەڵێت "پێویستە سەرجەم ڕای گشتی بزانێت کە تێکۆشانەکەمان تێکۆشانی ئازادیی‌و بەرخۆدانێکی کۆنترۆڵکراوە لەدژی هێرشەکانی بێکۆنترۆڵی دەوڵەتی تورک، بڕیاری شەڕی سەرتاسەری حکومەتی ئاکەپە ڕێگای لەبەردەم شەڕێکی بێکۆنترۆڵکردەوە".

ئەوەش دووپاتدەکەنەوە "ئەوەش بەگوێرەی داخوازییەکانی ئێمە نەبوو، ئاکەپە دەستی بەو قۆناغە کرد، بێگومان ئەو دۆخە تورکیا بەرەو کارەساتێک دەبات".

کەجەکە ئاماژەی بەوەشکرد کە دەوڵەتی تورک بەوشیارییەوە بەکرێگیراوانی کورد بەکاردێنن‌و بانگەوازییەکی لەمشێوەیەی لەوکەسانەکرد کە چەکیان بۆ دەوڵەت هەڵگرتووە، ساڵانێکی دووروودرێژە سیستەمی بەکرێگیراوی لەکوردستان بەڕێوە دەبرێت، پێویستە هەموو کەسێک لەو سیستەمە چەپەڵە دووردەکەوێتەوەو نەبێتە هاوکارو بەشێک لەشەڕی سەرتاسەری کە دەوڵەتی تورک دەیەوێ پەرەی پێبدات، بزووتنەوەکەمان بەکرێگیراوانی کورد ناکاتە ئامانجی خۆیی‌و لەمەودواش درێژە بەو هەڵوێستە دەدەین، لەزۆر شوێن بەکرێگیراوانی کورد دەکوژرێن، حکومەتی ئاکەپەو ئەرتەشی تورک بەرپرسیارن لەو کوشتنانە، لەبەرئەوە پێویستە بەکرێگیراوان بزانن کە هەموو هێرشەکانی ئەمدواییە بۆ سەریان، لەلایەن ئەرتەشی تورکەوە ئەنجامدراون، چونکە دەوڵەت دەیەوێ ئەو شەڕە وەرچەرخێنێتە شەڕی کورد لەگەڵ کورددا".

لەلایەکی دیکەوە کەجەکە ڕایگەیاند، کە وێڕای ئەوەی سەرۆک وەزیرانی تورک ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، ئەو لایەنانە تاوانبار دەکات کە پێشنیاری گونجاوو بەجێ بۆ چارەسەری پرسی کورد دەکەن، بەڵام ئەگەر کەشێکی متمانەپێکراو برەخسێندرێت، دەشێ زەمینە خۆشکەرێک بێت بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست، بەڵام ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەهەلومەرجی هەنووکەییدا بەواتای خۆبەدەستەوەدان دێت.

کەجەکە ڕادەگەیەنێت کە سەرۆک وەزیرانی تورک، بانگەوازییەکانی کۆمەڵەی خاوەنکارانی تورکیا ناسراو بەتوسیادو هەندێ لەلایەنە دیموکراتییەکان بۆ چارەسەری پرسی کورد، وەکو پێشنیاری تێکەڵو پێکەڵو نەگونجاو لەقەڵەمدەدات، "بەڵام بانگەوازییەکان بۆ چەکدانانی بزووتنەوەی ئازادی کورد بەگونجاو دەبینێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا سیاسەتی پاکتاوکردن‌و پارچەکردنی هێزە دیموکراتییەکانە".



کەجەکە ئەو بانگەوازانەی کە ئێستا بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست دەکرێن بەگونجاو نابینێتو بەم شێوەیە بیروبۆچوونی لەوبارەیەوە دەربڕی، "لەکاتێکدا کە ئەوەندە هێرشی بەرفراوان دەکرێتە سەر گەل‌و بزووتنەوەکەمان‌و ئەرتەشی تورک بڕیاری شەڕیداوە، ئەوجۆرە بانگەوازانە لەوکاتەدا نەک تەنیا بەجێنین، بەڵکو لەگەڵ قۆناغەکەشدا ناگونجێ، جێگای داخە کە لێپرسینەوە لەبڕیاری شەڕی سەرتاسەری دەوڵەت، بەربڵاوبوونەوەی ئۆپەراسیۆنەکان لەهەموو شوێنێکداو سووتاندنی گوندەکان ناکرێت، کەچی چالاکی گەریلاکان وەکو تەگەرە لەقەڵەمدەدرێن لەبەردەم چارەسەریدا، لەکاتێکدا بەربەستی هەرە گەورە لەبەردەم چارەسەری پرسی کورددا، سیاسەتەکانی حکومەتی ئاکەپەن، ئەو پارتە پێداگیریی لەسەر لەناوبردن‌و بێ ئیرادەکردنی گەلەکەمان دەکات".

کەجەکە ئەوەش ئاشکرادەکات "پێویستە هەموو کەسێک بزانێت کە دەوڵەتی تورک بەرپرسیاری یەکەمە لەگیانلەدەستدانی گەریلاو سەربازەکاندا، ئەو دەوڵەتەی کە لەبری چارەسەری پێداگیری لەسەر بەردەوامبوونی شەڕ دەکاتو قەوارە پارێزی، داگیرکاریی‌و لەناوبردنی کوردانی کردووە بەئامانجەکانی خۆی".